# دوو شانۆنامەی منداڵان

داستان بەرزان
(سلێمانی)

پێشکەش بە منداڵانی ناو هەر کەمپێک لە هەر جێیەکی جیهاندا بن.



## یەکەم: لانە لە قوتابخانە

**کارەکتەرەکان:**
مامۆستا (تەمەنی نزیکی ٣٠ ساڵە)
لانە (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە)
تەنەکەی خۆڵ
دەرگا
دیوار
چاوان (هاوڕێی لانە) (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە)
ئەریوان (هاوڕێی لانە) (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە)
ئاکام (هاوڕێی لانە) (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە)
لاڤین (هاوڕێی لانە) (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە)
ئەلەند (هاوڕێی لانە) (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە)
ئالان (هاوڕێی لانە) (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە)
ڕاز (هاوڕێی لانە) (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە

ناو پۆلێکی قوتابخانەیە، زەنگی تەواوبوونی وانە لێدەدات

**مامۆستا:** وانەی داهاتوو باس لەو بابەتانە دەکەینەوە کە ئەمڕۆ باسمان کردن، پاشان دەچینە سەر بابەتێکی نوێ.

(دەڕواتە دەرەوە، هەموو قوتابییەکان بەخۆشی و پێکەنینەوە بۆ یاریکردن دەڕۆنە دەرەوە).

(لانە هەڵدەستێت و کاغەزی کێکی بەدەستەوەیە، دەیەوێت بڕواتە دەرەوەی پۆلەکە، بەر لەوەی بگاتە لای دەرگاکە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کاغەزەکەی فڕێ دەدات.)

**تەنەکەی خۆڵ:** (بە توڕەییەوە) ئەی کەوایە من ئیشم چییە بەردەوام لێرەدا دانراوم؟

(لانە نازانێت تەنەکەی خۆڵەکە کەوتووەتە قسە، گوێ بە قسەکانی نادات و دەیەوێت بڕواتە دەرەوە)

**دەرگا:** (دەجوولێت) نەکەی بڕۆیت، تەکەنەی خۆڵ ڕاست دەکات، ئەو کاری چییە لەوێدا وەستاوە؟

**لانە:**(ترس دایدەگرێت) نازانم مەبەستتان چییە؟ بەڵام ئەوەندە هەیە من کارێکی هەڵەم نەکردووە، تکایە ڕێگەم بدەن بڕۆمە گۆڕەپانەکە و لەگەڵ هاوڕێکانم یاری بکەم.

**تەنەکەی خۆڵ:** تۆ چەندە حەزدەکەیت بە زووترین کات بگەیتە گۆڕەپانی قوتابخانە و لەگەڵ هاوڕێکانت دەست بە یاری بکەیت، منیش ئەوەندە حەز دەکەم کە لێرەدا دانراوم بە مەبەستی خۆم بەکاربهێنریم، نەک ئەوەی ببینم بە دیار چاومەوە خاشان لەسەر زەوییەکە فڕێ دەدرێت، ئەوە لە یەک کاتدا هەم ئەرکی من بێ نرخ دەکات، هەم دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خۆت و هاوڕێکانیشت.

**دەرگا:** بۆیە ئەگەر خۆت و هاوڕێکانت خۆش دەوێت بە زووترین کات ئەو کاغەزە بخەرە ناو تەنەکە خۆڵی هاوڕێمەوە، چونکە ئەو کارەی تۆ کردت زیانی بۆ خۆت و بۆ هاوڕێکانیشت هەیە، تەنانەت نابێت لە دەریشەوە کاری لەو جۆرە ئەنجام بدەیت.

**لانە:** (کەمێک خۆی تووڕە دەکات، وەک ئەوەی بیەوێت خۆی لەو دۆخە ڕزگار بکات) نەخێر لاچن من دەمەوێت بڕۆمە گۆڕەپان و یاری بکەم، وازم لێ بێنن، (دیسانەوە تەنەکەی خۆڵ و دەرگا ڕێگری لە ڕۆیشتنی دەکەن).

**لانە:** وازم لێ بێنن، دەمەوێت بڕۆم(نووزە نووز دەکات، وەک ئەوەی بگریت).

(لەم کاتەدا هاوڕێکانی لانە بە دڵخۆشییەوە دەگەڕێنەوە بۆ ناو پۆلەکە).

**چاوان:** لانە؟ ئەوە چییە بۆچی نایەیت یاری بکەین؟ خەریکە کاتی پشووەکەمان تەواو دەبێت!.

**لانە:** (دەست بۆ تەنەکە خۆڵ و دەرگا درێژ دەکات) نازانم ئەمانە وازم لێ ناهێنن!

**چاوان:** (بە کەمێک ترسەوە، دەچێتە بەردەم دەرگا و تەنەکەی خۆڵ) چیتانە؟ چیتان لە لانەی هاوڕێم دەوێت؟

دەرگا و تەنەکەی خۆڵ پێکەوە: هیچمان لێی ناوێت، تەنیا دەمانەوێت خاشاک و پاشماوەی خواردنەکەی بخاتە شوێنی تایبەتی خۆیەوە و جارێکی تریش هەڵەی وا دووبارە نەکاتەوە.

**چاوان:** (ئاوڕ بۆ لانە دەداتەوە) ئای لانە؟ ئەوە چییە؟ ئەو کارەت کردووە؟ ئەی وانەی دوێنێ مامۆستا فێری نەکردین هەر خاشاک و پاشماوەیەک بخەینە شوێنی تایبەتیی خۆیەوە؟

**نەریوان:** چاوان ڕاست دەکات، ئێمە هەموومان ئامادەی ئەو وانەیە بووین.

**ئاکام:** بەو ناونیشانەی مامۆستا لە ڕێگەی نمایشی شانۆییەوە فێری کردین کە پاک و خاوێنی پۆل و شوێنە گشتییەکان بپارێزین.

**لاڤین:** من ڕۆڵی ئەو کچەم دەگێڕا کە کاغەزێکی لە ناوەڕاستی پۆلەکەیدا فڕێ دەدا.

**ئەلەند:** منیش ڕۆڵی ئەو کوڕەم دەگێڕا کە هاوڕێکەی لەو هەڵەیەی ئەنجامی دابوو ئاگادار دەکردەوە.

**ئالان:** من و ڕازیش ڕۆڵی دوو هاوڕێی ئەو کچەمان دەگێڕا، کە کارە هەڵەکەی ئەنجام دابوو.

**لانە:** کام هەڵە؟

**ڕاز:** ئەوەی کە پارچە کاغەزێکی لە ناوەڕاستی پۆلەکەیدا فڕێ دابوو، بەو هۆیەوە ژینگەی پۆلەکەی پیس و ناشیرین کردبوو.

**لانە:** (بە کەمێک پەشیمانییەوە) هاوڕێکانم ببوورن من دوێنێ بەهۆی چوونم بۆ سەیران نەمتوانی بێمەوە قوتابخانە، بۆیە ئامادەی ئەو وانەیە نەبووم.

**چاوان لانە:** (خۆی دەکات بە مامۆستاکە و هاوڕێکانی دیکەی لانە دەبنە قوتابی، هەر لەوێدا وەک ئەوەی وانە بڵێتەوە) گوێ بگرن قوتابییە ئازیزەکان، تکایە هەرگیز خۆڵ و خاشاک و پاشماوەی زیادە فڕێ مەدەنە سەر زەوی.

**ئالان:** (لە ناو قوتابییەکانەوە هەڵدەستێت) ئەی کەوایە چی لێ بکەین؟

**چاوان:** (بەدەم ڕۆیشتن بە ناو قوتابییەکاندا) بەڵکو فڕێی بدەنە ناو تەنەکەی خۆڵەوە، (دەچێتە لای تەنەکە خۆڵەکەوە) ئێستا لەم پۆلەی ئێمەدا ئەم تەنەکەی خۆڵە بۆ ئەو مەبەستە دانراوە کە ئێوەی قوتابی خاشاکی تێبکەن.

**لانە:** زۆر سوپاس هاوڕێیان، ئێستا تێگەیشتم کە بۆچی تەنەکەی خۆڵ و دەرگا لە من تووڕەبوون و نەیاندەهێشت بێمە گۆڕەپانی قوتابخانە و لەگەڵ ئێوەدا یاری بکەم، بۆیە بەڵێن بێت لەمەودوا کاری وا دووبارە نەکەمەوە (کاغەزەکەی هەڵدەگرێتەوە و دەیخاتە تەنەکەکەوە).

**چاوان:** (دەچێتە بەردەم تەنەکەی خۆڵ) من لە جیاتی لانەش داوای لێبوردنت لێدەکەم.

**سەرجەم هاوڕێکانی لانە:** ئێمەش هەمووان داوای لێبوردنت لێدەکەین.

**تەنەکەی خۆڵ:** بووراون ئازیزان. (تەنەکەی خۆڵ دەچێتە بەردەم دەرگا) منیش بە ناوی خۆم و لانە و هاوڕێکانییەوە سوپاسی تۆ دەکەین کە نەتهێشت ئەو هەڵەیە بەسەر لانەدا تێپەڕێت.

**دەرگا:** سوپاسی منیش بۆ هەمووتان، منیش لانەم خۆش دەوێت و حەزم نەکرد کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدات.

(ورده ورده دەنگی موزیکێکی منداڵانەی شاد دێت، لانە و هاوڕێکانی لەگەڵ دەرگا و تەنەکەی خۆڵ دەست بە سەما دەکەن).

## دووەم: لانە لەماڵەوە

**کارەکتەرەکان:**
لانە (تەمەنی ٧ بۆ ٨ ساڵانە)
دایک (تەمەنی ٣٠ بۆ ٣٥ ساڵە)
باوک (تەمەنی ٤٠ بۆ ٤٥ ساڵە)
دیوار

ماڵی لانەیە دایک و باوکی لانە دانیشتوون و سەیری تیڤی دەکەن، لانە بە غەمباری خۆی بە ژووردا دەکات و بە بەردەمیاندا تێدەپەڕێت، ئەم دیمەنەی لانە سەرنجی دایک و باوکی ڕادەکێشێت، دایکی لانە دەڕوات و دەستی لانە دەگرێت و دەیهێنێتەوە.

**دایک:** لانە؟ کچە شیرینەکەم چیبە بۆ وا غەمباریت؟
(لانە بێ دەنگە)

**باوک:** کچم پێمان بڵێ چی بووە؟ مامۆستاکان لێت توڕەبوون؟

**لانە:** نەخێر باوکە گیان.

**دایک:** ئەی کچم ناکۆکیت لەگەڵ هاوڕێکانت بووە؟

**لانە:** نەخێر دایکە گیان.

**باوک:** ئەی چیبە کچم پێمان بڵێ.

**لانە:** باوکە گیان، دایکە گیان، من ئێوەم خۆش دەوێت حەز ناکەم هەرگیز شتتان لێ بشارمەوە.

**دایک:** ئێ باشە کچم ئێمەش تۆمان خۆش دەوێت، بەڵام پێمان بڵێ چی بووە؟

**باوک:** دایکت ڕاست دەکات هەناسەی بابە پێمان بڵێ بۆچی وا غەمباریت؟

**لانە:** دوێنێ بەهۆی نەچوونەوەم بۆ قوتابخانە وانەیەکی گرنگم لە دەست چووە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە یەکێک لە پشووەکاندا لەگەڵ تەنەکەی خۆڵ و دەرگای پۆلەکەماندا تووشی ناکۆکی بم و کاتی یاری کردنم لەگەڵ هاوڕێکانیشم لە دەست بچێت.

**دایک:** ئێ بۆچی کچەکەم؟

**لانە:** وانەی پێشوو مامۆستا بۆ هاوڕێکانمی باس کردووە کە دەبێت پاشماوە لە هەموو جێگەیەک فڕێ نەدەین، تەنیا لەو جێگایانە نەبێت کە تایبەت کراون بە فڕێدانی خۆڵ و خاشاک، منیش ئەمڕۆ دوای ئەوەی پارچە کاغەزێکم لە ناوەڕاستی پۆلەکەماندا فڕێ دا، ئەمەش بووە هۆی دروستبونی کەشێکی ناخۆش بۆم.

**دایک:** باشە کچەکەم بەڵام دوێنێ ئێمە لەگەڵ ماڵی خاڵت لە سەیران بووین، لەوێش لەگەڵ منداڵەکانی خاڵت تێر بە دڵی خۆت یاریت کردووە، ئیتر بۆچی خەمی ئەوەتە ئەمڕۆ یاریت نەکردووە؟

**باوک:** نا هەرگیز وا مەڵێ هەموو یارییەکانی ئەوێ ناکاتە ئەوەی لانە لەگەڵ هاوڕێکانی لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا یاری بکەن.

**دایک:** ئەی چار چییە؟

**باوک:** چار ئەوەیە بۆ لەمەودوا ڕۆژانی دەوامی قوتابخانە نەچینە سەیران.

(لەم کاتەدا دیواری ماڵەکە دەجووڵێت و دایک و باوکی لانە دەترسن).

**دیوار:** ڕاست دەکات، سەیران و گەشتەکان لە دەست ناچن و دەکرێت لە کات و ساتی دیکەدا ئەنجام بدرێن، بەڵام وانەکانی قوتابخانە تێدەپەڕن، بەو هۆیەشەوە لانە زیانی پێدەگات و وەک ئەمڕۆ تووشی کێشە دەبێت.

**دایک:** (بە ترسەوە) بەڵام تۆ چ پێوەندیت بە کێشەی ئێمەوە هەیە؟

**دیوار:** چۆن پێوەندیم نییە؟ من لانەم خۆش دەوێت و حەزناکەم هەرگیز بە دڵتەنگی ببینم.

**باوک:** بە دڵنیاییەوە وا دەکەین، سەیران و چوونە دەرەوەکانمان دەخەینە ڕۆژانێک کە لانەی کچمان دەوامی نەبێت، بۆ ئەوەی وانەکانی لە دەست نەچێت.

**دیوار:** ئافەرین وابکەن، دڵنیابن بەو کارەتان دڵی لانەی کچتان خۆش دەکەن و دڵی خۆشتان ئاسوود دەبێت بەوەی کچەکەتان چیتر بە غەمباری لە قوتابخانە ناگەڕێتەوە.

**دایک:** بێ گومان هەر شتێک دڵی کچەکەمان تەنگ بکات ئێمەش نایکەین، (سەیری بینەران دەکات) بۆ ئەوەی کچەکەمان لە قوتابخانە سەرکەوتووبێت دەبێت سەیران و گەشتەکانمان بخەینە ڕۆژانی پشووی قوتابخانە.
(لانە باوەش بە دایک و باوکیدا دەکات).

**لانە:** زۆر سوپاس دایکە گیان، زۆر سوپاس باوکە گیان.

(دیوار بە دەم مۆزیکێکەوە دەکەوێتە سەمایەکی تاڕادەیەک کۆمیدی و دایک باوکی لانە دەخاتە پێکەنین، بەهێواشی پەردە دادەدرێتەوە).

**تێبینی: ئەم دوو شانۆنامەیە دەکرێت وەک دوو پەردەی یەک شانۆنامەش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، واتە پێکەوە نمایش بکرێن.**